

# مام حەسەن

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

بەیانیان دەمانبینی، بەیانیان زۆر زوو دەمانبینی بە سواری گوێدرێژەکەیەوە بەرەو مەزراکەی دەڕۆیشت. نەرم نەرم، وەک ئەوەی پاشا بێ و بە کاروان و کەژاوە بڕوات. کڵاوێکی لێوارپانی مەکسیکی لەسەر دەکرد و ملی ڕێگەی دەگرت. لەو کڵاوانەی فیلمە کاوبۆیییەکان کە ئەو سەردەمە زۆر باو بوو، جا نازانم ئەو فیلمی دەبینی، یان بە ڕێکەوت حەزی چووبوو بەو کڵاوەدا!؟ وابزانم تەلەڤزیۆنی هەر نەبوو تا فیلم ببینێ. نە ئاوڕی دەدایەوە نە سڵاوی لە کەس دەکرد و نە سڵاوی کەسی دەسەندەوە.

دەیانوت هەر کەسێک لێی نزیک بێتەوە لەو کڵاوانەی بۆ دەدروێ، کڵاوی مەکسیکی! هەڵبەت گەورەکان وایان دەوت، چونکە ڕقیان لێی بوو! لە خۆمان دەپرسی تۆ بڵێی ئەم پیاوە مەکسیکی بێ؟! تۆ بڵێی کڵاویش بدروێ!! نەماندەزانی توانج و پلارە. ئەوەندەی بیرم بێ ئەو پیاوە شێوەی لە کورد نەدەچوو، تەنانەت جلەکانیشی لە کوردی نەدەچوون. بە قەولی ئەمڕۆ، ئەو تەواو پووچگەرا و نهیلیست بوو و بێ ئەوەی یەک وشەی لە ژان پۆل سارتر خوێندبێتەوە و بزانێ ئەو پیاوە هەر بوونی هەبووە، تەواو پووچگەرابوو و تێگەیشتبوو ئەوانی تر دۆزەخن! بۆیە هەمیشە دوورەپەرێز بوو و هەقی بە سەر ژیانی کەسەوە نەبوو، پیاوێکی باوەڕداریش نەبوو، بە دڵنیاییەوە ڕەنگە باوەڕی هەبووبێ، بەڵام ئەهلی نوێژ و مزگەوت نەبوو. خەڵکی ئاوایی ناویان نابوو کافر، زیاتر پیاوەکان. هەڵبەتە گاور نەک کافر، چونکە گاور پلەیەک لە سەروو کافریشەوەیە، واتا مەترسیدارترە. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کافر مەسیحییەکانن، بەڵام گاور دینی هەر نییە. زەندیق و موشریک و مولحید و زۆر ناووناتۆرەی دیکەیان بەسەردا دابڕیبوو!ماڵەکەی خانوویەکی بەرفراوان بوو. ڕێک لە قەڵا دەچوو، خۆی و چوار کوڕەکەی لەوێدا دەژیان. ئەو تەنانەت هەقی بەسەر ژیانی کوڕەکانیشییەوە نەبوو و تەواو لە جیهانی خۆیدا بوو و کوڕەکانیشی هەر یەکە و لە

ئاوازێک دەیانخوێند، بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو ئەوان پێوەندییان لەگەڵ خەڵک زۆرباش بوو، بەڵام لەگەڵ خۆیان بەپێچەوانەوە.

خانووەکەی نزیکەی دوو دۆنم دەبوو، من زۆر پێم جوان بوو، بە شێوازێکی ئەندازەیی دروستکرابوو، دەشیانوت بیرۆکەی خۆیەتی و هیچ خانوویەک لە گوندەکە هاوشێوەی ئەو خانووە نەبوو. ژێرەوەی سەراپا ژێرخان بوو و دەکرا وەک گەوڕ کەڵکی لێ وەربگیرێ، یان بۆ زەخیرە و کەلوپەلی دیکەی ناوماڵ، بەڵام ئەوەی سەیربوو ئەوان، هەم باوک و هەم کوڕەکانی، حەزیان لە ماڵات نەبوو و قەت نەمبینی مەڕێک، مانگایەک بزنێکیان هەبێ، کەلوپەلی ناوماڵیشیان زۆرنەبوو، ئەمە ژنەکان دەیانوت. سەرەوەی هەموو ژووری گەورەبوون، لاکێشەیەک بوو کە ئەو هەموو ژوورەی لێ دروستکرابوو و دواتر دیسان ئەو ژوورانە بە تەواوبوونی خۆیان؛ لاکێشەیەکی بۆشیان دروست دەکرد و دەبووە حەوشە. لە بەینی چەند ژوورێکدا باڵکۆنێک هەبوو و ئەو ژوورانەی پێکەوە دەبەستەوە. دەرگایەکی دوو تاکی زۆر گەورەیشی هەبوو کە دیسان ئەمەیش سیمایەکی وەک قەڵای دەدایە ماڵی مام حەسەن.

هەموو جارێ لە بەردەمیدا دەحەپەسام، لە دوای بیستەکانی تەمەنمەوە کە چیرۆکەکانی "کافکا"م خوێندەوە، بەتایبەت چیرۆکی "کۆشک" و "لەبەردەم دادگا"دا، ئینجا هەستم بەو ترسەی کافکا کرد لە دنیای نوێ. دەبێت کافکایش لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا ماڵ و شوێنێکی لەو جۆرەی بەم دەرگا گەورەیەوە دیبێ؛ بۆیە بەم جۆرە وەسفی کردووە. ژنەکەی سەلیقەیەکی سەیری هەبوو و یەک دنیا ئینجانەی لە باڵکۆن و ناو پەنجەرەکاندا ڕیزکردبوو و زۆریشیان نازنازبوون، چونکە زۆرترین گوڵیان دەگرت و ئێوارانیش گوڵەکان نەدەمان و ئەمەی ئێمەیش منداڵی زیاتر سەراسیمە دەکرد. حەوشەکە دوو ڕیز دارتووی تێدابوو و بەهاران چەند جۆرێک توویان دەگرت. ئێمە دەبووینە هاوڕێی کوڕەزاکەی بۆ ئەوەی بچین توو بخۆین. تەندوورێکی گەورە و جوانیشی تێدابوو کە زۆربەی بەیانیان ژنەکەی کولێرەی لێ دروست دەکرد، بەڵام بیرمە سەبەتەیەک بە دیوی کۆڵاندا بە دیوارەکەیەوە هەڵواسرابوو، مەراقمان بوو بزانین چی تێدایە؟ ڕۆژێک نازانم بوومەلەرزەبوو، یان شتی تر! کتوپڕ سەبەتە بەربووەوە و ئێمەیش ڕامانکرد تا بزانین چییە، بینیمان پڕە لە کەشک، بەڵام بۆ ئەو ماوە زۆرە بەو دیوارەوە بوو؟! ئێمە هەر تێنەگەیشتین. وەلێ کەشکەکەمان هەڵدەگرتەوە و دەمانخوارد، زۆریش خۆشبوو، کۆنییەکەی تام و چێژێکی زۆری پێدابوو. یەکەم جار بوو تامی کەشک بکەم، کەشک لای من ئەوە بوو کە دەیانکێشا بەسەری ئێمەی منداڵدا، دوو پەنجەیان قەودەکرد و زرم پێیاندا دەکێشای و ئازارێکی زۆری هەبوو. پێم وابوو کەشک ئەوەیە. کە هەڵمانگرتەوە و خواردمان، گوێمان لێبوو ژنەکەی وتی ئۆیییییی!! کەشکەکەم بەربووەوە!! ژنەکەی زۆر بێدەنگ و کەمدووبوو، ناوی مینا بوو، میناش وەک مێردەکەی دوورەپەرێز بوو، بەڵام ئەو لە خواترس بوو و نوێژی دەکرد و زۆریش بە تەنگ خەڵکەوە بوو، بەڵام تا حەز بکەی بێدەنگ و کەمدووبوو، من هەر نەمبینی یەک وشە بڵێ، نازانم ترسی مێردەکەی بە تێپەڕینی کات وای لێکردبوو، یان هەر ڕاستییەکەی ئەو ژنە زمانی نەبوو؟! هەستت دەکرد ئەم ژن و پیاوە، یان ئەم پیرەژن و پیرەمێردە، قسەیان پێکەوە نییە، قەت پێکەوە نەبینران و قەت پێکەوە سەردانی ماڵێک، یان نەخۆشێکیان نەکرد، قەتیش ژنەکەی لەگەڵ خۆی نەدەبرد بۆ سەر مەزرا و کشتوکاڵەکەی. سەیرەکە ئەوە بوو بە تاقی تەنیا لە هەموو پیاوانی ئاوایی ئازاتر بوو و زیاتر کاری دەکرد.

شتێکی تر کە بووبووە مایەی دەردەسەری بۆ ئەم پیاوە، ئەمە بوو کە محاویلەی کارەباکە لەبەر ماڵەکەی ئەودا بوو و ماوەیەک هەندێک گەنج فێربووبوون شەوان لە کاتی نانخواردندا دەچوون محاویلەیان دەکوژاندەوە تا خەڵکی ئاوایی لە مام حەسەن تووڕەبن و تۆمەتباری بکەن. چەند جارێک ئەم کارەیان کرد تا خەڵکیان لەو پیاوە تووڕە کرد، بەڵام ئەو نەیهێشت کڵاوی بکەنە سەر و خراپ خستنییە قافەوە. ئێوارەیەکیان گڵۆپی ناو ماڵەکەی هەڵکردبوو و چووبوو بۆ نۆرەئاوی شەوانە تا تووتنەکەی ئاو بدات، ئەو هەمیشە تووتنی دەکرد. کاتێک گەنجەکان دەچن و کارەباکە دەبڕن، ئیتر خەڵکی گوندەکە پەرێشان دەبن و دەچنە ماڵی مەلا و دەڵێن ئەم کافرە ناخۆشی کردووە. سنوورێکی بۆ دابنێ. مەلاش چاری نامێنێ دەڵێ وەرن بابچینە ماڵەکەی ئەگەر کاری ئەو بێت ئەوسا دوو قسەی لەگەڵ دەکەین. چەند پیاوێک

به یاوەری مەلا دەڕۆن و زۆر لە دەرگا دەدەن، دەیکەنە هاتوهاوار و پاش قەیرێک یەکێک لە کوڕەکانی دەرگا دەکاتەوە و دۆخەکە دەبینێ وا دەزانێ باوکی مردووە، کەچی مەلا بە هێمنی دەڵێ باوکت کوا؟ ئەو کارەبایە بۆ لەو خەڵکە دەبڕێ!؟ کوڕەکەیش بە حەپەساوییەوە دەڵێ کارەبای چی؟ باوکم هەر لە ماڵیش نییە! ئەو وا لەناو تووتنەکاندا و خەریکی ئاودانی تووتنە! ئیتر مەلا و پیاوەکانیش زۆر تەریق دەبنەوە و دەگەڕێنەوە و بۆیان دەردەکەوێ ئەوە کاری ئەو نییە.

باوکم، بەو پێیەی زۆر باوەڕدار و لە خواترس بوو و بەشی یەک عەشرەت نوێژی دەکرد، زۆر ڕقی لەو پیاوە بوو و دەیوت تەنانەت ڕۆیشتن بە سێبەری ماڵەکەشیدا مرۆڤ تووشی گوناه دەکات. قەت سڵاوی لێ نەدەکرد و سڵاویشی نەدەسەندەوە. ئەگەر لە ناو کۆمەڵێکدا بوایە و ئەو پیاوە لەوێوە بڕۆیشتایە و سڵاوی بکردایە و ئەمیش بە ناچاری سڵاوەکەی بسەندایەتەوە، گورج دەهاتەوە ماڵێ و خێرا یەک دنیا نوێژی دەکرد و لە خودا دەپاڕایەوە لەو گوناهە گەورەیەی خۆش بێ کە سڵاوی ئەو پیاوەی سەندووەتەوە. هەر ساڵێک وشکە سەرما بوایە و باران و بەفر نەبوایە، دەیوت ئەم پیاوە کافرە بەرەکەتی ئەم گوندەی هەڵگرتووە، لای باوکم دنیا تەنیا ئەو گوندە بوو، ئەگەر هاوینیش گڕە و گەرما بوایە دیسانەوە هەمان قسەی دەکرد و دەیوت خودایە ئەم کافرە چی بوو هێناتە ئەم گوندە و ئێستا خۆیشت بەهۆی ئەم پیاوەوە سزای هەمووومان دەدەیت!؟ تەنانەت بیرمە باوکم بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیشی نەهات و سەری نەکرد بە پرسەکەشیدا.

دەیانوت مام حەسەن - ئەو ناوی مام حەسەن بوو- دەیانوت ساڵانی زوو، واتا سی ساڵێک پێشتر وانەبووە، بە درێژایی ئەم ساڵانە وای لێهاتووە. دەیانوت ئەوسا بە هەرەوەز کاری لەگەڵ خەڵک کردووە و خەڵکیش چوون کاریان لەگەڵ کردووە. وەک دەیانگێڕایەوە یەکێک بووە لە پیاوە زیرەک و تێگەیشتووەکانی ئاواییەکە و کەس نەیتوانیوە بیخەڵەتێنێ. بێ ئەوەی خوێندەواری هەبێ، هەر بە خۆڕسک و ئەزموون زۆر تێگەیشتوو بووە و هەمیشە زانیویەتی چی لە دەوروبەری دەگوزەرێ. هەر لە سەرەتاوە یەکێک بووە لەوانەی گاڵتەی بە شۆڕش و کوردایەتی هاتووە و قەت لەو بابەتە نزیک نەبووەتەوە و دوورونزیک دروشمەکانی شۆڕش و کوردایەتی کاریان تێنەکردووە. سەرباری ئەوەی کەس خۆشی نەدەویست - چونکە نوێژی نەدەکرد - بەڵام ئەوەندەی دیاربوو بە گشتی ڕێزیان دەگرت، لەبەر ئەوەی خۆی لە کاروباری کەس هەڵنەدەقورتاند. چاوی لە ماڵی کەس نەبوو و قەت نەمابینی و نەمانبیست شەڕێک بنێتەوە. زۆرجار دەمبیست دەیانوت لە چلەی هاویندا کە کاریان بۆ کردووە، ویستوویانە فێڵی لێ بکەن، وتوویانە مام حەسەن وا ئێوارەیە، ئیتر هەقە دەست هەڵبگرین! کەچی ئەو بە سێبەری دارەکاندا زانیوێتی کاتژمێر چەندە و تا تەواو کاری خۆی پێنەکردوون، ئیزنی نەداون. ئەو قەت سەعاتی لە دەست نەدەکرد، ئێمە درەنگ زانیمان، هەمیشە بە سێبەر و جووڵانی خۆردا کاتی ڕادەگرت. شارەزاییەکی زۆری لە ناسینی زەویدا هەبوو و هەمیشەیش ئەوەی دەیوت وەک خۆی دەردەچوو. بۆ نموونە دەیانوت مام حەسەن وتوێتی ئەم ساڵ فلانە زەوی بۆ نۆک، یان بۆ نیسک باشە، گەر بکرایە بە شتێکی وەک گەنم، یان جۆ هیچ بەرهەمی نەدەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نوێژی نەدەکرد، کەس بە قسەی نەدەکرد.

گەورەکانی ئاوایی، هەڵبەت بە هاندانی مەلا- چونکە ئەو هاتوچۆی مزگەوتی نەدەکرد - لە ئاوایی و هاتوچۆی مزگەوت نەکردن؛ واتا کافری ڕەها. ئێمەی منداڵانیان هان دەدا هووهای لێ بکێشین و کافر کافر، شوێنی بکەوین. زۆر ئێوارە ئەوەمان دەکرد و پێمان وابوو باشترین کاری دنیامان کردووە. ئێستاش بیرمە ئێوارەیەک ماندوو و مردوو لەسەر کار دەگەڕایەوە، یەک دنیا منداڵ ڕامانکردە چەمەکەی دامێنی ئاوایی و چاوەڕێی بووین، هێندەی نەمابوو بگاتە نزیکمان، کەوتینە هاتوهاوار و ئەو ناوەمان پڕ کرد لە کافر کافر، کەچی ئەو خۆی تێک نەدا و بە ناوماندا ڕۆیشت و گوێمان لێ بوو بە چرپە دەیوت؛ منی کافر هەقی باوکانی ئێوەم نییە و باوکە ئیسلامەکانیشتان ئێوەیان ناردووەتە سەر ڕێگەی من و بەم جۆرە بێزارم دەکەن. ئیسلامبوون ئەوە بێ منداڵ بنێرنە سەر ڕێگەم و هاوارم بەسەردا بکەن، قەت ئەو ئیسلامەم ناوێ!

گوێدرێژەکەیشی لە جۆرێکی تایبەت بوو، بە دڵی ئەو دەڕۆیشت، بەڵام مام حەسەن هەمیشە لێی ناڕازی بوو و هەموو جارێ کە بە لاماندا تێدەپەڕی گوێمان لێ دەبوو

جنێوی پێ دەدا و نەقیزەی تێوە دەژەند، بەڵام گوێدرێژ وەک ئەوەی سوارەکەی خۆی زۆر خوش بوێ، وەک ئەسپەکەی جەنگیزخان، پێی وابوو سوارەکەی باشترین سواری دنیایە. پاشایەکە بۆ خۆی. نە چوارناڵەی دەکرد نە نەرمە غار، شتێک بوو لە نێوان هەردووکیاندا. ئەوندە سەیر دەڕۆی؛ ڕیزمان دەبەست بۆ سەیرکردنی. ڕەوتی خۆی تێک نەدەدا و قەت هەڵینەدەتیزاند، هەندێک جار کە لە گوێدرێژەکەی پەست دەبوو، گووی بۆ ڕیشی باوکی مینا دەنارد و دەیوت هەچە کەر، گوو بەڕیشی باوکت مینا! ئاخر تۆ نەبی من بەم تەمەنەوە بۆچی سواری ئەم کەرە دەبم، بۆچی دەچمە ئەو دەشتودەرە! مام حەسەن تەمەن و ساڵی خرکردبووەوە، گوێدرێژەکەشی هەروا، هەر بۆیە دیار بوو ئیتر سەرەی تۆپینی گوێدرێژ هاتبوو.

بەیانییەک بینیمان بە پێیان بەرەو مەزراکەی دەچێ، زۆر سەرکز و بێتاقەت، وەک ئەوەی خۆڵی گۆڕستانی بەسەردا کرابێ. ڕۆیشتنەکەی وەک ڕۆژانی پێشوو نەبوو، وەک ئەوەی بەزۆر بینێرن، بەڵام هێندەی پێ نەچوو گەڕایەوە، چووە ژووری و ئیتر نەهاتەوە دەرێ. وتیان ئەو ڕۆژە گوێدرێژەکەی تۆپیوە! ئیدی ئەمیش لەو ڕۆژەوە دنیای لەبەرچاو ڕەشبوو و هێندەی پێنەچوو بە داخی گوێدرێژەوە سەری نایەوە. ئەو مرد و خەڵکی ئاوایش هیچ بۆی بەداخ نەبوون! لە دڵیان گران نەبوو و تاقە شتێک بیریان لێی دەکردەوە ئەمە بوو؛ نەیبەنە مزگەوت و تەڵقین و یاسینی نەکەن، چونکە ئەو ئیسلام نەبوو و نەدەبوو بە ڕێسای ئیسلام بنێژرێ و ڕێزی لێ بنرێ. هەر ئەمەش نەبوو، پیاوانی ئاوایی بە تایبەت دیندارەکان - مەبەستم ئەوانەیە توندبوون - وتیان نابێ لە گۆڕستانی گشتی بنێژرێ، چونکە ئەو سەری بە فەرزی خودایا نەداوە، دەبێت لە شوێنی تر بینێژن. سیان لە کوڕەکانیشی لەوێ بوون و ئەوەندە خۆیان بە شەرمەزار دەزانی؛ هیچیان بۆ نەدەوترا. کوڕە بچووکەکەی دیار نەبوو. دەبوو ئەویش لەوێ بێت و بۆ دواجار باوکی ببینێ، بووە هەرایەک ئەوسەری دیار نەبوو، هەر یەکە و شتێکی دەوت و دەیویست باوەڕدارییەکەی خۆی زیاتر بسەلمێنێ.

کتوپڕ هەموو بێدەنگ بوون، کوڕە بچووکەکەی بە هاتوهاوار و هەڵەداوان نزیک دەبووەوە و دڕی بە خەڵکەکە دەدا. کاغەزێکی بە دەستەوە بوو و ڕایدەوەشاند. هاواری کرد، تکایە بەسە، چیتر سووکایەتی بە باوکم مەکەن، ئەمە وەسیەتەکەیەتی سەیرکەن. هەموو سەریان دانەواند و کەس دەنگی لێوە نەدەهات. کوڕەکە خۆی بە سەرکەوتوو زانی و دەنگی هەڵبڕی؛ ئەمە وەسیەتەکەی باوکمە، گوێ بگرن بزانن چی وتووە؛ کوڕەکەی وەسیەتەکەی خوێندەوە! دیاربوو خۆی نووسیبووی، چونکە هەمووی لەبەربوو و وەک دەزانین مام حەسەن خوێندەواریشی نەبوو، ئیتر کەس هیچی نەوت. ئاشەکە ئاوی لێبڕا، ئەو وەسیەتی کردبوو لە مەزراکەی خۆیدا بینێژن. دیارە پێشبینی ئەمەی کردبوو، یان هەر بە ڕاستی پێی وابوو دەبێت گۆڕیشی لە تەنیشت گۆڕی ئەو خەڵکەوە نەبێ کە خوداپەرستییان گەیاندبووە دوایین پلە، کەچی ڕەفتاریان لەگەڵ یەک زۆر کافرانە بوو.